هزر

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

یەکەم: بوونناسیی بیرەوەری
دەکرێت بیرەوەری لە دوو بیچم و ڕوانگەی تاکی و گشتییەوە هەڵسەنگێنرێت.

ئەلف: بیرەوەری تاکی(فەردی)
بیرەوەرییە (فەردی) تاکەکەسییەکان دەربڕی "جیهانژی Lifeworld"ی تاک و هەڵگری ئەزموونگەلێکی "نێوان کەسی Interpersonal "ین. ئەگەر بتوانرێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی بیرەوەری کەسانێکەوە، پەی بە بەشێک لە ئەزموونی مێژووی نەوەی بووری ببەین، بەو مانایەیە ئەم بیرەوەرییانە پەیوەندییان بە فەرە. ئەزموونی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە هەیە. نمونەیەکی باش لەم بارەوە، کونجکۆڵی ئەزموونی دەروونناسییانەی تاکە لە کاتی وێنەگرتنی لەگەڵ کەسانی بەنێوبانگ و دیار.
بۆچی مرۆڤ چێژ لە وێنەگرتن لەگەڵ کەسانی بەنێوبانگ وەردەگرێت و تا ماوەیەکی زۆر و جاری واشە تا کۆتایی تەمەن ئەو وێنانە دەپارێزێت و هەر جارەی بە تەماشاکردنەوەیان بیرەوەرییەکانی بۆ زیندوو دەبنەوە؟
دەکرێت وەڵامێکی ئەمە بێت، کاتێک کەسێک لەگەڵ کەسێکی بەنێوبانگ وێنە دەگرێت، دەبێتە خاوەن ناسنامەیەکی نوێ کە لە کەسە بەنێوبانگەکەوە بۆی دەگوازرێتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە و بە زمانێکی فەلسەفیتر، سوژەی ئینسانی بە ئۆبژەگرتنی سوژەی کەسی بەنێوبانگ، "بوونە مێژوویی و ژیانکرد"ەکەی ئەو گرێ دەداتەوە بە "بوونی خۆی"ەوە، بێ ئەوەی بە ئەزموونی کەسە بەنێوبانگەکەدا ڕۆیشتبێت، تەنیا لە ڕێگەی وێنەگرتن لەگەڵی ئەزموونی یەکانگیری و جیهانژی وهاودڵی لەگەڵدا دەکات، بێ ئەوەی پێویست بەوەش بکات ئاگاداری ماهیەتی ئەم ئەزموونە چێژبەخشە بێت، چێژێک کە دەرهاویشتەی تێکەڵاوییەکە لە ئەنتۆلۆژیا و بوونناسیی دوو جۆرە بوون.
تێکەڵبوونی "بوون"ی سوژەی یەکەم لەگەڵ "بوون"ی سوژەی دووەم، کە گۆڕاوە و بووە بە ئۆبژەی سوژەی یەکەم. چەندی ئەم پێکهاتەی بوونناسییە گەورەتر و زیاتر بێتەوە، ئەزموونی چێژەکەش لە تاکدا زۆرتر دەبێت، چونکە تاک بە نزیکتربوونی لە "وجوودی گەورە"تر لە خۆی، "قەبارەی بوون" لە "وجوودی خۆی" زیاتر و قورستر دەکات و خاوەنداریەتی ئەم "قەبارە قورس"ترەیە کە بۆ تاک چێژبەخشە.

ب. بیرەوەری گشتی (بەکۆمەڵ)
بیرەوەرییە گشتی یا بەکۆمەڵەکان، "بوون ی مێژوویی" لە "وجوودی تاک" گەشە و پەرە پێ دەدەن، چونکە ڕێگە بە تاک دەدەن بێ ئەوەی تەمەنی فیزیکاڵی خاوەن بیرەوەرییەکانی هەبێت، چێژی ئەزموونی ژیانکردووی ئەوان هەست و ئەزموون بکات، تەنانەت ئەگەر ئەم بیرەوەرییانە هی خودی تاکەکەش بن. بۆیە تاکێک کە بیرەوەریی خۆش و شادیی بەکۆمەڵی هەیە، دوو ڕووداوی گرنگ ئەزموون دەکات:

. یەکەم ئەوەی کە ساڵیانی دواتری، بە چێژێکی زۆرن و حوزن و خەمێکی کەمترەوە بەسەر دەبات، چونکە ئەو سوژانەی بیرەوەری گشتیی باشیان هەیە، لە "بوون نزیک"ترن، هەر لەم ڕووەوەوە "بوونێکی قووڵتر"یشیان هەیە.
. دووەم ئەوەی کە تاک لە ڕێگەی بوونی مەڵاسدراو و شاراوەیی نێو بیرەوەرییە بەکۆمەڵەکان (چ خراپ و چ باش)، دەبێتە خاوەن ناسنامەیەکی مێژوویی کە "وجوودە بچکۆڵەکەی تاک" دەبەستێتەوە بە "بوون ە گەورەکەی مێژوو"وەوە و، تاک نە لە ڕێگەی جەستە و فیزیکی جەستەییەوە، بەڵکو لە ڕێگەی زەین و واتای بوون ەوە، دەبێتە خاوەن "بوونێکی مێژوویی" و دەتوانێت بە سەردەمانێکی جیاوازی مێژوویدا سەفەر کات و فێر بێت و ئەزموون بکات. دەشتوانین بڵێین دەبێتە خاوەنی "زەینێکی مێژوویی"، زەینێک کە چیتر نە تاکی و ڕێژەگەرایانە، نە چوارچێوەدار و دۆگماتیزم (ئایدۆلۆژیک و تئۆلۆژیک)، بەڵکو لۆجیکی و ڕەخنەگەرایانەیە.

دووەم: جوانیناسیی بیرەوەری

پێچەوانەی پرۆسێسەکەی سەرەوەش ئەگەری ڕوودانی هەیە، بەڵام قسەکردن لەسەری بۆ وتارێکی دیکە گونجاوە. ئەویش ئەوەیە کە سوژەی ئینسانی هەوڵدان بە نزیکبوونەوە لە بوون (نەهێشتنی دووری نێوان سوژە و ئۆبژە)، بیرەوەریی باش بخوڵقێنێت. کارێک کە لە ئەدەبیاتی زمانی فارسی، دەکرێت مەولەوی سەرچڵی بێت.
ڕێگای خوڵقاندنی ئەم جۆرە لە ئەدەبیاتی بیرەوەری، "شاهیدی" و قسەی گێڕەرەوەیە. شاهیدییەک کە لە ڕەگەزی مەعریفەیە."مەعریفەیەک" کە "پاکانە"کەی لە دەروونی خۆیدایە. بە دەربڕینێکی دیکە، مەعریفەی شاهیدی، بە پێچەوانەی مەعریفەی فیزیکاڵ، لۆجیکی و ڕاڤەیی، "خود ی پاکانە"یە، چونکە وەک کارڵ گۆستاو یۆنگ دەڵێت: "شاهیدی، درککردنە لە ڕێگەی ناخودئاگاوە" (لە دەقی یەکێک لە سیمینارەکانی یۆنگ).
و مەولەوی هەوڵ دەدات ئەو "بوون"ەی کە لە ڕێگەی وشەگەلی وەک "ئەو" و "یار" و "مەعشووق" و "دلۆڤانی" و "بارانی بەهاری" گۆێ دەکات، لە "ناخودئاگای خۆی"یەوە بیدۆزێتەوە و بیگوازێتەوە بۆ "خودئاگای ئەویتر". مەولەوی بە ڕێگاکانی جوانیناسی لە گێڕانەوە ئەدەبییەکان، هەوڵ دەدات دووری سوژەی چکۆڵە (ئینسان) و ئۆبژەی گەورە (بوون) بگەیێنێتە سفر و نەیهێڵێت و بەم سفرکردنەوەی دووری نێوان سوژە و ئۆبژە (مرۆڤ و وجوود)، بیرەوەرییەکی لەبیرنەچووەوەی ئەرێنی و وزەبەخشی بۆ دروست بکات.
مەولەوی دەڵێت:
دوست دارد یار این آشتفتگی/ کوشش بیهوده به ز خفتگی
بە واتای (حەزی لێیە یار ئەم پشێوی و بێ ئۆقرەییە/ هەوڵی بێسوود لە خەوتوویی)

لە باسکردنی ئەم خاڵە گرنگە، ئەم مەعریفەی شاهیدییە، ئەوە گرنگە کە لە "بوون"دا مرۆڤ تەنیا لەنێوان دوو جەمسەری "کاری بێسوود .کاری بەسوود" نەوەستاوە، بەڵکو جاری وایە و ڕەنگیشە لە زۆربەی کاتەکان لەنێوان دوو جەمسەری شاراوە، بەڵام کاریگەری دیکە جێ بگرێت، لەنێوان دوو جەمسەری "قەتیسمان . کاری بێسوود ئەنجامدان".

مەولەوی دەڵێت ئەوانەی لەم دۆخە وەستان و کتمانە، کاری بێسوود ئەنجام بدەن زیاتر لە بوون نزیک و بەمەش سەرکەوتووترن. هێندەش بەسە کە تاک بۆ جارێک ئەم ئەزموونی شاهیدی و بووناسییە ئەزموون بکات ئیتر هەرگیز لە ژیانیدا تەنانەت لە خراپترین دۆخی ژیانیدا وەستاوی و دڵمردوویی ئەزموون ناکات کە لە ئەنجامی وەستاوی و مایەپووچییەوە دروست دەبێت. بە واتایەکی تر، ڕێگەی جووڵەی "بە سفرگەیاندنی پەیوەندی سوژە و بوون" دەگۆڕێت بۆ بیرەوەرییەکی خۆش و جوان و نەمر، بیرەوەرییەک کە پاش ئەفراندنی، لە فۆرمی دیالێکتیکی دەبێتە سەرچاوەی پەیوەندی دواتری "سوژەی ئینسانی" لەگەڵ "بوونی گەورەتر لە سوژە".
کەوایە جوانناسیی بیرەوەریی، شاهیدیدانی بوونە لەلایەن سوژەی ئینسانییەوە بۆ گەیشتن بە بیرەوەری کە بە پێچەوانەی ڕێگایەکەی پێشووە (واتە ژیانی سوژە لەگەڵ بیرەوەری، بۆ بەرفراوانترکردنی سوژەیە لە بوون).

سێیەم: لەنێوچوونی بیرەوەری، دەرکەوتنی نۆستالژی

ئیحساسی نۆستالژیک، ئیحساس و هەستکردن بە نیگەرانی ئەو کاتەیە کە تاک سەرچاوەی دروستکردنی بیرەوەرییەکەی خۆی لە مەترسی لەنێوچوون و نەماندا دەبینێتەوە. هەستێک کە ڕێک پێچەوانەی هەستی جوانی "ئەزموونی هاوبەشی ژیان"ە، کە لە بیرەوەری دروستکەرانی بیرەوەرییەوە دەرکەوتووە. هەمان ئەو بیرەوەریگەلەی کە لە فۆرمی جیاواز (وێنە، دەنگ، کەلوپەل، نووسراو، بیناسازی، ئەزموونی هاوبەشی ژیان) لە زەین و یادگە و ژیانی تاک ماوەتەوە و تاک بە گەڕانەوە بۆیان ئارامی یا دڵتەنگی ئەزموون دەکات.
"بیرەوەرییە نۆستالژیکەکان" و "نۆستالژیای بیرەوەرییەکان"یش هەر لە ڕێگەی ئەم "ئەزموونە ژیانکردە"وە بۆ ئەوانی دیکە دەگوازرێتەوە و بە دەخیلکردنی ئەم سوژە ئینسانییە لەم ئەزموونە ژیانکردە، هەستی سوژە دەخاتە مەترسی دوورکەوتنەوە لە بوونێکی گەورەتر (بوونی مێژوویی، بوونی گەردوونی).
هۆکاری ئەم هەوڵە، مەیل و حەز بە مانەوە، ترس لە مەرگ، زەندەقچوون لە لەبیرچوون و خراپتر لە هەمووشیان ترس لە "لەبیرکردنی لەبیرکردن"ە، چونکە لەبیرچوون دەبێتە هۆی لەنێوچوون و نەمانی داتا و زانیاری بێکەڵک لە یادگە و فۆرموولەبوونی بیرەوەری بەسوود، بەڵام کاتێک خودی فەرامۆشی لەبیر دەکرێت، بواری فۆرموولەبوونی بیرەوەرییەکانیش لەنێو دەچێت و ئەمەش ترسێکی گەورەیە کە تەنیا ئەگەر لەبیر بکرێت، جێگەی تەحەمولکردنە. بەدەر لەمە زۆر نۆستالژیک و بۆ ناخودئاگای تاکیش زۆر خەمهێنەرە، چونکە تاکی ناخودئاگا هەوڵی ڕەگداکوتانیەتی لە بوونی یەکێکی تر تا بەم شێوەیە "بوونی خود" بەرفراوانتر و هەنگاوێک لە "بوونی ڕەها" نێزیکتر ببێتەوە. هەنگاوێک کە بەربەرستە لەبەرامبەر هەمان هەستی نۆستالژیکی هەڵێنجراو و دروستبوو لە لەدەستدانی بیرەوەری.
دەکرێت مەسنەوی مەولەوی، شانامەی فێردەوسی و دیوانی حافز بە سێ نموونەی نەمری بیرەوەریی سازیی ئەدەبیاتی کلاسیکی ئێران و، سادق هیدایەتیش بە نموونەیەکی مۆدێرنی بیرەوەریی سازیی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێران هەژمار بکەین.
بیرەوەریی سازانێک کە لەم ڕێگەیەوە نە تەنیا توانییان "بوونی تاکی"ی خۆیان پەیوەست بکەنەوە بە "بوونی گشتی یا کۆمەڵ"، بەڵکو توانیشیان لە دیوار و بەربەستەکانی

سەردەمی خۆشیان واوەتر بڕۆن و بگەنە سەردەمانی پاش خۆیان، بە شێوەیەک کە ساڵیانێک دوای نەمانی فیزیکیشیان کەسانێکی زۆر بە هاوچەرخی سەردەمەکەیان هەژماریان دەکەن و بەشێک لە ئەزموونە ژیانکردەکەی خۆشیان پەیوەست دەکەن بەوانەوە و لەگەڵیان دابەشی دەکەن. هەر لەو ژنەی ماڵەوە بگرە کە فاڵ بە حافز دەگرێتەوە تا لەگەڵ ڕەفتارەکانی وێک بێتەوە تا دەگاتە ئەو ئەکادیمیانەی کە چەندین بەرگ توێژینەوە لەبارەی مەولەوی وحافز و فیردەوسی چاپ دەکەن تا هاوپشکی بوونە گەورەکەیان بن، تا دەگاتە چیرۆکنووسانێکی نویێ کە شێواز و تەنزی مۆدێرنی هیدایەت بە ڕێنوێنیکەر و ئاراستەدۆزی خۆیان دەزانن تا مۆدێرنیتەی لەگەڵ ئەزموون بکەن، هەموویان بەشێکن لەو بوونە گەورە و بەکۆمەڵەیەی کە کرۆکەکەی "بیرەوەری گشتی"یە و بە پشتبەستن پێی، هاوچەرخ دەبن. ئەم هاوچەرخبوونە سیفەتێکە کە تەنیا "بوون" هەیەتی و "بوونەوەران" لێی سوودمەندن، مەگەر ئەوەی کە "بوونەوەر" سەرنجی بخاتە سەر "بوون" و "زات".
هەر ئەمە لە سەردەمی ئەزموونی مۆدێرنیتەش ڕوو دەدات، بەڵام بە فۆرمگەلێکی تایبەت بە خودی مۆدێرنیتە. بە دەرکەوتنی وێنە و دواتر فیلم، ئوستوورە مۆدێرنەکان زۆر زیاتر لە ئوستوورە کلاسیکەکان دەخولقێندرێن و تاکەکان بۆ دونیای بیرەوەرییەکان دەگێڕنەوە. واتە هەم لە کاتی ژیان بیرەوەری بۆ بەرامبەرەکانیان دروست دەکەن و هەم دوای مەرگیشیان دەبنە ئەستوورەیەکی بیرەوەریساز کە لە ڕێگەی وێنە و دەنگ و بیرەوەرییەکانەوە ئەمنیەت و ئاسایشێکی جوان و ناسکی دەروونی، شەخسی، خۆماڵی و جیهانی و جاری واشە مێژوویی بۆ تاکەکان دەخولقێنن.
کەسانێکی وەک (جان لینۆن. John Lennon)، (ئەندامانی پینک فلۆید. Pink Floyd) و (ئێلڤیس پرێسلی. Elvis Presley) و (فرانک سیناترا. Frank Sinatra) و (ڕیچارد ڤاگنەر. Richard Wagner) و (جۆهان سبستیان باخ. Johann Sebastian Bach) و (لودڤیج ڤن بێتهۆڤن. Ludwig van Beethoven) و (جۆهان شتراوس. Johann Strauss) و (جۆن واینی. John Wayne) و (ئاودری هیپبۆرن. Audrey Hepburn)، (مارلین مۆنرۆ. Marilyn Monroe) و (ئاندریێ تارکۆفسکی. Andrei Tarkovsky) لە مۆسیقا و سینەما و کەسانێکی وەک (ولیام فاکنەر. William Faulkner)، (جەیمز جۆیس. James Joyce) و (مارسێل پرۆست. Marcel Proust) و (فرانس کافکا. Franz Kafka) و (لیۆ تۆلستۆی. Leo Tolstoy) و (ئەنتۆن چیخۆف. Anton Chekhov) و (بێرتۆڵد برێخت. Bertolt Brecht) و (فریدریش وێلهێلم نیتچە. Friedrich Wilhelm Nietzsche) و (فیۆدۆر دۆستۆیۆڤسکی. Fyodor Dostoevsky) لە نووسین و ئەدەبیاتدا نموونەگەلێکی گرنگ و دیاری ئوستوورە (ئەفسانە) نوێینەکانن کە جیاواز لە ئوستوورە کلاسیکەکان بیرەوەریان خولقاند، بیرەوەریسازییان کرد و بوونی سنووردراری سوژەی ئینسانییان پەیوەست کردەوە بە بوونێکی بەرفراوانتر لە خۆیان و گەورەتریان کردەوە و هەروەها بە هاوچەرخیش ماونەتەوە.
ئێرانی مۆدێرنیش هەرچەندە بە تەواوی مۆدێرنیتەی ئەزموون نەکرد، بەڵام بە سینەما و مۆسیقا بەشێک لە بیرەوەریسازیی گشتی ئەزموون کرد، بۆ بیرەوەریسازانێکی وەک شەجەریان، ئیرەج، ئیبی، داریوش، گوگوش، فەردین، مەلەک موتیعی، بێهرووز وسووقی، سادق هیدایەت، بیژەن موفید، سوهراب شەهید سالس، داوود پیرنیا و بەرنامەی "گلهای جاودان"ی.

ئەو چین و توێژە لە بیرەوەریسازان کە هەرچەندە جیاوازییەکی قووڵ و کاریگەریان لەگەڵ یەکتری هەبوو، بەڵام لە بیرەوەریسازیی گشتیدا لە تەنیشتی یەکتریەوە دێن.
ئوستوورە مۆدێرنە بیرەوەریسازەکان، خۆیان کۆپی و زیاد و بەرهەم دەهێننەوە و بەم کۆپیکردنەوەش هەم چێژی "ئەزموونگەلی نوێی جوانیناسی" دەبەخشنە ئەوانی دیکە و هەم خۆشیان هەنگاوێک لە جاویدانەگی و نەمری نزیک دەکەنەوە، چونکە لە ئەزموونێکی گەورەتر لە بوون نێزیک دەبنەوە.

چوارەم: بیرەوەری، خودئاگاییەکی مێژووییە

بیرەوەری بە بەرهەمهێنانەوە و بڵاوکردنەوەی لە "بوون"ی خاوەن بیرەوەرییەکە، ناسنامەیەکی بووناسانە دەبەخشێتە "یادگەی مێژوویی" و ئەم یادگە مێژووییەش دەتوانێت "ناخودئاگای گشتی"ی یۆنگی[1] بگۆڕێت بۆ "ناخودئاگای گشتی" مەعریفەیی. هەروەک چۆن "زەینی مێژوویی" لە "ئارکی تایپیەکان . Archetype"[2] و "باوەڕە زاڵەکان"ەوە بەرەو "دانایی و مەعریفەی ڕەخنەقبوڵکەر" دەجووڵێت و دەڕواتە پێشەوە و لەم ڕێگەیەشدا هەم بیرۆکەی "جیاکردنەوەی مەعریفەناسانەی سوژە لە ئۆبژە" ئەزموون دەکات (مەعریفە، بێ سوژە)[3] و هەم بیرۆکەی "بووناسانەی سفربوونەوەی پەیوەندی سوژە و ئۆبژە" لە ناسین (مەرعیفە، لەگەڵ سوژە).

مێژووی بیهەقی یا مەسعودی[4] نموونەیەکی ئەدەبی جوانە کە تێکەڵییەکی ئەم دوو بیرۆکەیەیە. بە تەماشاکردنی ئەم مێژووە دەردەکەوێت کە بیهەقی بەو پەخشانە تەڕ و بڕەیەوە چۆن توانیویەتی "زانستی شرۆڤەیی وەسفکردنی مێژوو" لەگەڵ "بەیانی دراماتیکی بیرەوەریی مێژوویی" پێکەوە گرێ بداتەوە بۆ ئەوەی یەکیان ئەویتریان ڕەت بکاتەوە.
ئەگەر حەز بە بیرەوەری و بیرەوەریسازی و یاریکردن لەگەڵ بیرەوەری نەبوایە، حەز و خواستی هاوبەشی "ئەزموونی ژیانکردی خود" لەگەڵ " جیهانژیی ئەویتر"یش نەبوایە، ئەوا مێژوو تووشی ئەلزەهایمر و لەبیرچوونەوە دەبوو. بۆیە تۆقێنەرترین کۆمەڵگە، ئەو کۆمەڵگەیە نییە کە تیایدا دیکتاتۆر حاکم بێت، بەڵکو ترسناکترین کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکە کە تیایدا بیرەوەرییەکان ون دەبن. کۆمەڵگەیەک تۆقێنەرە کە تایایدا شاهیدی لەنێوچوون و ونبوونی بیرەوەرییەکان بین. وەها کۆمەڵگەیەک نە بواری ئەزموونی ئیگزیستانسی هەیە و نە بواری بەرفراوانبوونی فەزای زیندەئینسانی (ژیانی مرۆڤ) و نە بیرەوەرییەک لە خۆی جێ دەهێڵێت تا ئەوانی دیکە بە ژیانکردنەوە، ژیانێکی مۆدێرن ئەزموون بکەن. وەها کۆمەڵگەیەک لە مێژووش ون دەبێت هەروەک زۆرێک لەو شارستانیەتانەی کە لە ڕابردوودا بوونە و ئێستا نینە و هەموویان لە مێژوو ون بوون.

---

[1] کارۆڵ یۆنگ، فەیلەسووف و دەروونناسێکی خەڵکی سویسرا بوو کە چەندین تیۆری لەمەڕ دەروونناسیی شرۆڤەیی خستووەتە ڕوو. وەک فریدا فۆردهامی توێژەری بەرهەمەکانی یۆنگ دەڵێت: "هەر شتێک فرۆید نەیوتووە و جێی هێڵاوە، یۆنگ تەواوی کردووە".
[2] ئارکی تایپ - Archetype: کۆنە تایپ یا دێرینەناسی یا کۆنە مۆدێل یا قالب.
[3] مەعریفە، بێ سوژە - Knowledge without knowing subject
[4] مێژووی بیهەقی یا مێژووی مەسعودی لە نووسینی ئەبولفەزل محەمەد بن حوسەین بیهەقییە کە باسی مێژووی پاشایەتی مەسعود غەزنەوی دەکات.

هەروەک چۆن پێکەوەگرێدانی بیرەوەرییەکان جۆرە ئەزموونێکی جوانی بووناسانەیە، ئەوا ونبوونی بیرەوەرییەکانیش بەشێکە لە مردنی بوونی تاک. تاکەکانی کۆمەڵگە کاتێک بە جوانی درک بەم هەستی دەمپینگ و هەڵبەز و دابەزینە (Damping) دەکەن کە ڕووخسارێکی دیار و خۆشەویست و بەنێوبانگ لە دەست خۆیان بدەن. بە مەرگی هەر بیرەوەریسازێک لە کۆمەڵگە، وەک ئەوە وایە کۆڵەگە و پاڵپشتەیەکی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەنێو چووبێت، چونکە مەرگی هەر بیرەوەریسازێک، مەرگی بەشێک لە ژیان و مەرگی بەشێک لە ڕەوانی کەسانێکە کە لەو بیرەوەریسازە بیرەوەرییان هەیە. مەرگێک کە تەنیا بیرەوەری ئەو بیرەوەریسازە دەتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت.

چەندین هۆکار لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی بیرەوەری و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی دیکە هەن:
یەکەم: بە جددیگرتنی ڕابردوو و زەرووڕەتی بە فەرمیناسینی ڕوانگەی مێژوویی، هەروەک ***ولیام فاکنەر*** دەڵێت: "مێژوو، ڕابردوو نییە و، ڕابردووش بە هیچ شێوەیەک ڕانەبوردووە".
دووەم: نووسین و تۆمارکردنی ئەزموونەگەلی ژیانکردی ئێگزیستانس لەگەڵ تۆمارکردنی ئەزموونی بگۆڕی هزری (کارێک کە مرۆڤی مۆدێرن لە ڕۆمان و هەندێک فیلم ئەنجامی دەدات).
سێیەم: هاوبەشی پێکردنی ئەزموونگەلی ژیانکردی بیرهێنەرەوەی بیرەوەری.

ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ئێران لە هەرسێ بەش، تووشی قەیران و کارەساتە و لەم بوارەدا دەستکەوتێکی دیار و بەهاداری نییە. هەر لەبەر ئەمەیە ئێرانییەکانی ئەمڕۆ دەرەنجامی نەرێنی وەها لەدەستدانێکیان ئەزموون کردووە وەک ئەزموونی بڵاوبووەوەی جۆرە جیاوازەکانی خەمۆکی ڕۆحی و فیکری و ڕەوانی و ژیانی، کە بە هۆی لەدەستدانی بیرەوەرییە باشەکانەوەیە (***حوسەین عەلیزادە*** ژەنیار و ئاوازدانەری هاوچەرخ لە گفتوگۆیەکیدا دەڵێت کێشەی ئەو لە ئەفراندنی هونەری ئەوەیە کە لەم چەند دەیەی ڕابردوو تەنانەت بیرەوەرییەکی خۆشی ئەزموون نەکردووە).
لە وەها دۆخێکدایە بیرەوەرییەکان (بەرهەمهێنانیان، نووسینیان، خوێندنەوە و بڵاوکردنەوەیان) بەها و گرنگییەکی نوێ پەیدا دەکەن. بیرەوەریگەلێک کە چیتر تەنیا چیرۆکی ژیانی یەکێک یا چەند کەسێک نین، بەڵکو ئەزموونی ژیان و ئێگزیستانسی ناسنامەیەکی گشتین کە لە بەرگی ناوی کەس یا چەند کەسێک گۆڕاوە بۆ هەڵگری بەشێک لە ڕۆحی زەمانە و سەردەمی خۆی.
بەم واتایە بیرەوەرییەکان چیتر لە چوارچێوەی وشەکان نانووسرێن و ناهێنرێنە بەرچاو، بەڵکو لە دونیای وێنا و دەنگ و بیناسازیش تۆمار و دەخوێندرێنەوە.
ئەوەی کە دەڵێن "کۆن، زێڕە"[5] بەو مانایەیە کە "کۆنە، بیرەوەریسازە".
بە تەماشاکردنی دیمەن و پلانی فیلمە فارسییەکانی ساڵانی ٤٠ و ٥٠ی هەتاوی، بە باشی دەتوانین پەی بە گرنگیی بیرەوەری و بیرەوەریسازی ببەین. لەم فیلم و دیمەنگەلە بەجێماوە، چیتر کەس بە دوای گێڕانەوە و چیرۆک و هونەر و تەنانەت سیاسەتەوە نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە "بۆنی بیرەوەرییەکان"ە لە ڕێگەی بینینی کۆڵان و شەقام و مەیدان

[5] پەندێکی کۆنە -Old is Gold

و دوکان و ماڵەکان و کەلوپەلەکانی ژیان و ئۆتۆمبێل و جلوبەرگەکان و شێوازی قسەکردن و چۆنیەتی دەربڕینی خۆشەویستی و حەزەکان کە هەموویان تەنیا دەرخەر و نیشاندەری یەک شتن: کە ئەویش بیرەوەرییەکانە.
لەگەڵ ئەوەی ئەم سیمبول و دیمەنە کۆن و بە ئەنتیکەبووانە بەشێکن لە مێژووی سینەمایی حیکایەتبێژی عامەپەسەند و، لەگەڵ ئەوەی نە لە دەروونی ئەم دیمەنانە و نە لە زەینی دروستکەرانیان و نە لە فیکری بینەرەکانیشیان، هیچ بانگەشەیەکی تێهزرین نییە، بەڵام هەڵەیەکی مسۆگەرە ئەگەر ئەزموونی ژیارییان بەتاڵ و بێبەری بکەینەوە لە بەهای جوانیناسانەی ژیان و وا نیشان بدەین کە خەڵک پێویستیان بە زانینی ئەوە نییە کە ژیان لە کۆندا چۆن بووە. هەر ئەم پێویستییەیە کە بیرەوەری، لە "سەرگەرمی"یەوە بۆ "زەرووڕەت" دەگۆڕێت، زەرووڕەتی "ئەزموونی سوژە لە خۆی" و "بۆ خۆی"، لە "پرۆسەیەکی مێژوویی".
وەک بڵێی هەمووان هاوکاری بیرەوەرییەکانن چوون بەشێکی گەورەتری سوژەیەکی مێژوویی وەک ***کارل گۆستاو یۆنگ*** دەڵێت "ناخودئاگای گشتی"ی یەکترن کە بیرەوەرییەکان دەگۆڕێت بۆ "ئارکی تایپەکان" یا "باوەڕگەلی زاڵ".
یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی گۆڕینی "زەینی شەخسی" بۆ "زەینێکی مێژوویی" یا "زەینی گشتی"، بیرەوەریگەلی هاوبەشی بەکۆمەڵە، بە تایبەت بیرەوەریگەلی بەجێماو لە ئوستوورە مۆدێرنەکان.
دەتوانرێت ئەم خاڵەی "مێتۆلۆژی .Methodology" و جوانیناسیبە تێڕوانینی بەشێک لە بیرەوەرییە کاریگەرە مێژووییەکان ئەزموون بکرێت. لەوانەش لە کتێبی "دژی بیرەوەری .Antimémoires" لە نووسینی ***ئاندرە مالرۆ***، لە ڕۆمانە حەوت بەرگییەکەی "گەڕان بە دوای زەمەنی لەدەستچوو .À la recherche du temps perdu" لە نووسینی ***مارسێل پرۆست*** و لە فیلمی "مێژووی سینەماکان . Histoire du cinéma" دروستکراوی ***ژان .لۆک گۆدار***.
لەگەڵ ئەوەشدا نابێت گومانمان لەوە هەبێت کە تەنیا بیرەوەری دەستەبژێر و نوخبە فیکری و ئەدەبی و فەلسەفی و هونەرییەکانە کە بەهای خوێندنەوەیان هەیە، چونکە ئەزموونی ژیان و ژیاری مرۆڤایەتی، بە تایبەت لە ڕەهەندگەلی زەریفی ئیگزیستانس و وجوودییەکەی، گشتی و تایبەتی نییە و پەیوەستە بە هەموو سووژە ئینسانییەکانەوە. هەمان ئەو سووژە و سووژەبوون ەیە کە چەندین سەدەیە پرسی گرنگی ئەدەبیات و فەلسەفە و شیعر و شانۆ و مۆسیقا و بیناسازی دونیا بووە.[6] هەر لەبەر ئەمەشە دەتوانین

---

[6] زەینی ئێرانی و نووسراوە بەجێماوەکانی، لە چەندین سەدە بەر لە ئێستاوە تاوەکو ئێستا، بەتاڵن لە تێڕوانین و تێهزرینی جیددی لەمەڕ هەردوو چەمک و واتای "سوژە" و "ئۆبژە".
"ئۆبژکتیڤ - Objective"یان بە "عەینییەت" و "سوبژێکتیڤ - Subjectivism"یان بە "زەینیەت" وەرگێڕاوە و فێری خەڵکی دەکەن، بێ ئەوەی ئەم وەرگێڕانانە تەنانەت بەشێکی بچووک لە واتای ئەم دوو چەمکە هەڵگرن. و لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی واتای تەواوی ئەم دوو وشەیە، پەیوەندییەکی زۆریان لەگەڵ واتا و ئەزموونی "تاکگەرایی" یا هەمان "ئیندی ویجواڵیەتی" هەیە و پێشینەی ژیانی ئێرانیش چەندین سەدەیە لەگەڵ ئەم جۆرە ژیانە بێگانەیە، کەوایە واپێناچێت بتوانرێت بە وەرگێڕانی چەند کتێب و وتارێک، لەم بەربەستە زەینی و زمانی و فەرهەنگییە تێپەڕین و بگەینە واتای حەقیقی ئۆبژکتیڤیتە و سوبژێکتیڤیتە لە زمانی فارسی. لە هەمان کاتدا کە زۆرێک لە پرسەکانی ئەوڕۆی ئێمە و هەروەها ناسینی ڕێگەچارەی ئەو پرسانە، ڕەگ و ڕیشەیان هەر لەم دوو واتایەدایە.
لە ئەدەبیاتی مۆدێرنی ئێران، دوو نووسەر توانییان لە چیرۆکەکانیاندا لە واتای سوژە و سوژەبوون نزیک ببنەوە و قووڵای و گەورەییان پێ ببەخشن. بە شێوەیەک کە لە دەقی چیرۆکەکانیان، دەتوانن دیالێکتیکی بیرەوەری ـ حەقیقەت ئەزموون بکەن:

ئەم ئەزموونی جوانیناسییە لە بیرەوەرییەکانی ***مێرلین مۆنرۆ***ش ئەزموون بکەین بەو مەرجەی بەر لەوە لە "سووژەبوونە شاراوەی ئەم بیرەوەرییانە" بگەین.

پێنجەم: زمانی بیرەوەری، زەروورەتێکی مۆدێرن

بیرەوەرییەکان، پێش لەوە و زیاتر لەوەی کە نوخبەگەرا و دەستەبژێرانە بن، مرۆڤگەران و وابەستەن بەو شتەی کە بە لانکی بنەڕەتی بەرهەمی بیرەوەری لە مێژووی مرۆڤ نێو دەبرێت، واتە بە "جیهانژی"ی ئەو.

لە "جیهانژی"، منداڵ و پێگەیشتوو، عام و نوخبە، فاشیست و دیموکرات، ئەقڵانی و ئایدۆلۆژیک لە گۆشەنیگای بەرهەمهێنانی بیرەوەری و زەروورەتی بیرەوەری، بەهای یەکسانیان هەیە. دەکرێت ئەم قسەیە بە بینینی باشترین بەڵگەنامەی مێژوویی دونیا واتە "سەرکەوتنی ئیرادە Die Macht der Bilder "ی ***لینی ڕیفنشتاڵ*** . Leni Riefenstahl" و بەڵگەنامەی "هێزی وێنا" لەبارەی ئەو و هێزی وێنایە، باشتر تێ بگەین و دەرکی بکەین.

مەگەر دەکرێت وا دابنێین منداڵ لەبەر منداڵییەکەی، پێویستی بە بیرەوەری نییە و بە جیددی وەرینەگرین؟ ڕێگەچارەی دروست لێرەدا هەمان شتە کە مەولوی دەڵێت:

چون کە با کودک سر و کارت فتاد
پس زبان کودکی باید گشاد

واتە: کاتێک کە سەروکارت کەوت لەگەڵ منداڵ، پێویستە زمانی منداڵانیش فێر بیت و بە زمانی ئەو قسەی بکەیت.

و ئەگەر لەم ڕێگەچارە بیڕاوەدا کە خۆشی بەشێکە لە "ناخودئاگایی گشتیی مرۆڤ"، لەبری "منداڵ"، سوود لە "بیرەوەری" وەربگرین، دەگەینە دیاردەیەکی نوێ لە ئەدەبیات و تێهزرین، بە "زمانی بیرەوەری"، جۆرێک لە زمان، یا وەک ***ویتگنشتاین*** دەڵێت، بەشێک لە "یاری زمانی مرۆڤ" کە حەشارگە و دروستکەری بیرەوەرییەکانە لە "جیهانژی"ی مرۆڤایەتی.

شەشەم: زەینی مێژوویی، ئەلزەهایمری مێژوویی

ناتوانرێت "ئیگزیستانسی خەیاڵاوییانەی بیرەوەرییەکان" وەبەرچاو نەگرین کاتێک کە دەبینین مرۆڤەکان یەک جار وەک حەقیقەتێک، ئەزموونی ژیانی خۆیان دەکەنە بیرەوەری و خەون و خەیاڵ و جارێکی دیکەیش ئەو بیرەوەرییانە دەکەنە بنەمای ئەفراندنی

- ڕۆمانی سەرئێشە، لە نووسینی سودابە فەزایلی
- فیل لە تاریکی، لە نووسینی قاسم هاشمی نژاد
لەگەڵ ئەوەی کە ئەم دوو چیرۆکە بە دوو ستایلی جیاواز گێردراونەتەوە (یەکەمیان سوریالی و دووەمیان ڕیالیستییە)، بەڵام هەردووکیان، دیالێکتیکی بیرەوەری ـ حەقیقەتیان تێدا ئەزموون دەکرێت. لە یەکەمیان لە زەین و خەیاڵەوە دەگەینە ڕاستی و حەقیقەت و لە دووەمیشیانەوە لە حەقیقەت و ڕاستییەوە دەگەینە زەین و خەیاڵ. یەکەمیان لە بیرەوەری بێ زەمەن و بێ شوێنی خەیاڵییەوە دەگەینە پرسی مێژوو و لە دووەمیشیان لە زەمەن و شوێنێکی دیاریکراو و زانراوەوە دەگەینە بیرەوەری و خەیاڵ.

ئەزموونی ژیانێکی نوێ تا بەم شێوەیە لە دیالێکتیکی هەمیشەیی خەیاڵ و حەقیقەت بمێننەوە.
واقعیەت دەگۆڕێت بۆ بیرەوەری، بیرەوەریش دەبێتە خەون و خەیاڵی حەقیقەتی دواتر تا حەقیقەتی دواتریش ببێتە بیرەوەرییەک بۆ خەیاڵەکانی دواتر. و ئەم چەرخ و بازنەی دیالێکتیکییە مرۆڤییە درێژەی دەبێت. فیلمی نەمر و درەوشاوەی مێژووی سینەماکانی ***ژان .لۆک گۆدار***، ئەم دیالێکتیەکەی لە فۆرمێکی زۆر جوان وێنا کردووە بە شێوەیەک کە بینەر لە کاتی بینینی فیلمەکە، ناتوانێت لێکی بداتەوە کە شاهیدی بینینی چ شتێک بووە؟ حەقیقەت یا فیلمێکی سینەمایی؟ خەیاڵێکی خوڵقێنراو لەلایەن فیلمساز یا بیرەوەریگەلی بەجێماو لە مێژووی سینەما یا پێکهاتە و تێکەڵەیەک لە هەموو ئەمانە؟!
فیلمی "مێژووی سینەماکان" دەتوانێت بە باشی نیشان بدات کە خەڵکی بە بیرەوەرییەکانیان عاشق دەبن، بە بیرەوەرییەکانیشان باوەڕ بە دین یا ئایدیۆلۆژیا پەیدا دەکەن، بە بیرەوەرییەکانیان دەگەنە مەعریفە و تێگەیشتن، بە بیرەوەرییەکانیان لە شوێنگەی خۆیان لە بوون تێدەگەن، دەگەن بە تێگەیشتنێک لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بوون، بە بیرەوەرییەکانیان پشت بە سوونەتگەلێک دەبەستن یا لێوەیان تێدەپەڕن تا بیرەوەری مۆدێرن بخوڵقێنن و ببنە دوستکەر و ڕۆنەری نەریتگەلی دوایی.
پشتگوێخستن و وەبەرچاونەگرتنی زەروورەتی وجوودی بیرەوەرییەکان، بنمیچ و سەقفی زەین و ڕەوان بێ هیچ کۆڵەگەیەک دەهێڵێتەوە. ئەمەش هەمان دارمانی زەین و ڕەوانە کە بەشێکیشی لە نەخۆشی ئەلزهایمەر دەبینینەوە. وەها دارمانێک دەبێتە هۆی دروستکردنی "ئەلزهایمری مێژوویی" کە ڕێگەیەکە بۆ دەرمانی بەهێزکردنی "زەینی مێژوویی". زەینێک کە بنەمایەکی سەرەکی لە "دیالیکتیکی خەیاڵ و حەقیقەت" پێک دێت.

حەوتەم: جوانیناسی بیرەوەری

دەتوانرێت هاواری هەندێک لە ئازار و دەردەکان بکەین، بەڵام ئەو ئازارانەی کە بە کپکردن و ئۆقرەگرتن دەبنە هاوار، لە خراپترین ئێش و ئازارەکانی مرۆڤایەتین کە هەرگیز ناگەنە هاوار.
بیرەوەرییەکان، مەکۆیەکی ئەمنی "ئازارە بێ هاوار"ەکان و "هاوارە کپەکان"ن. زەروورەتی وجوودی بیرەوەرییەکان لە ئەزموونی بیستنی هاوارگەلێکەوەیە کە لە بێدەنگی بەرز دەبنەوە و جگە لە بێدەنگیش نابیسترێن. بێدەنگییەک کە جگە لە ئەزموونکردن بە بیرەوەری، نابنە ئەزموون و دەرک ناکرێن.
بەردەنگ (گێڕەرەوە و ژەنفتیار)ی بیرەوەرییەکان، بە تایبەت بیرەوەریگەلێک کە ڕەهەندێکی مێژوویان بۆ پەیدا بووە، بە شادی و خۆشی بیرەوەرییەکان، دڵخۆش و شاد دەبن و بە غەمی بیرەوەرییەکانیش هاودەردی دەکەن و هەستێکی نۆستالژیک پەیدا دەکەن. بەردەنگی بیرەوەری، لە هاوڕایی بیرەوەریدا وجوودی فرەڕەهەند دەبێت و بە زمانی بیرەوەری تێکەڵ بە "ژیانێکی دیکە" دەبێت، وەک ئەوەی خۆی ئەو بیرەوەرییەی ئەزموون کردبێت.
"جوانیناسی بیرەوەری" هەر لەم ئەزموونی ژیارییە خۆی مەڵاس داوە. ئەزموونێک کە "زەروورەت"ە، نەوەک "خۆخافڵاندن و سەرگەرمی"، "زەروورەتێک" کە نابێتە لەمپەر

لەبەردەم ڕووکارە "سەرگەرمکەر"ەکەی بیرەوەری، "زەرووورەتێک" کە سووژەبوونی مرۆڤی هاوچەرخ پێویستی بە تێگەیشتنی هەیە.
کەوایە پێویستە "زمانی بیرەوەری" فێر بین و ئەنجامی بدەین و والآی بکەین.

سەرچاوە:
مجله سینما و ادبیات. شماره ٧٤- تیر و مرداد ٩٨

*فۆتۆیەکە: پۆرترێتی ١٦٠ کەسایەتی مێژوویی، فەرهەنگی، هونەری کوردن، کە لەلایەن (ڕێبوار خالید)ی شێوەکارەوە کێشراون.